# ئایا کاتی سەرهەڵدانی ئاراستەیەکی نوێی هزری کوردیی هاتووە؟

جەمال پیرە

ئەوەی پێی وایە جیهانگەرایی پرۆسەی بەبازاڕکردنی دنیا وبەکرێکارکردنی مرۆڤە دەبێ بڕوای وابێ کە دیدێکی ترو مەودایەکی تری زەرووری تێگەیشتنی لەدوای خۆیدا جێهێشتووە کە بێگومان بێ خوێندنەوەیان ناکرێ بە کاملی لەدیاردەکان تێبگەین رەنگە نەکرێ لێشیان بدوێین،لە راستیدا رووانینی تاك رەهەندانە لە گرفت ومەسەلەکان نەك تەنها هەڵەیەکی تەکنیکی قسەکردنە لەسەر دیاردەکان بەڵکو نانەوەی گرفتێکی تری نوێیە بۆ هەمان ئەو دیاردانەی ئێمەیان ِبە چارەسەریی سەرقاڵکردووە ،لەمەشدا بەتەنها مرۆڤ خۆی بووە بە قوربانی ولەوێشەوە بەشاهیدی مێژوو خۆی،خودی مرۆڤ بەو هەڵە زەقانەی خۆی دووچاری گەورەترین ئاستەنگ کردۆتەوە ئەمەش بێگومان لەبەر ئەوە نا کە کارەساتی مێژوویی خوێناوی تۆمارکراو هەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی سەراپا مرۆڤ خۆی بووە بە داگیرکراوێك کە زۆر جاران توانستی ناسینەوەی داگیرکەرەکەی نییە،ئەمە وەك سەرەتایەك بۆ( خود)ی بەجێماوی ئەمرۆ لە سەرتاسەری جیهاندا هەریەکەو بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی لە نێو خۆیدا خاوەنی چەندین گرفت وئاستەنگە لەهەمانکاتدا بەهەمان ئەو ئاستە رۆشنبیریی وفیکرییەی خۆیدا خەتێکی چارەسەریی بۆ کێشاوە وبە هەر شێوەیەك بێت جۆرێك لە قەناعەتی لای خۆی دروستکردووە بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئایا ئاستی کێشانی خەتەکان لەنێوان کۆمەڵگا جیاجیاکاندا چەندە لەیەك دەچن ؟ یان بە چ رێڕەوێکی سەردەمیانە بیر لە چارەسەریی دەکرێتەوە؟ئایا پێکهاتەی عەقڵی کۆمەڵگا رەنگ ناداتەوە لە خێزان وەك بچوکترین یەکەی کۆمەڵ ؟ ئایا تاك لە دەزگا کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا بەخەیاڵی دێ چاونەترسانە لەبەردەم هەڵوێستی رەگ داکوتاوی کۆمەڵدا ببێ بە هەڵگەڕاوەیەکی هەقخوازی راستەقینە وتاوانبارێك بە پێی بۆچونی خەتە کێشراوەکەی کۆمەڵ؟!بێگومان کۆکردنەوەی وەلامی ئەو پرسیارانە کات وساتی خۆی گەرەکە لەهەمانکاتدا زەروورەتێکی حەتمیشە بۆ هەموو لایەك روون وبەرجەستە بێت، لێدووان لە ئیشکالییەتی کۆمەڵ جگە لەوەی کارێکی سەختە ،مەودایەکە بێ خولقاندنی ئەتمۆسفیرێکی ئازادانە بۆ دیالۆگی فەرهەنگی وفیکریی مـەحالە،بۆیە کەسی لێکۆڵەر ناهەق نییە ئەگەر بڕوای وا بێ بۆ هەمیشە لە جەنگێکی درێژخایەندایین، جەنگێك هیچمان بۆمان ناکرێ لێی دەربچین، کەواتە هەمووومان لە نێوان دوو بەرداش داین کە نەدەکرێ لێی بێدەنگ بین نە ئەو جەنگاوەرە دلێرەین بتوانین گرەنتی سەلامەتی خۆمان بەدەست بهێنین، بە گشتی ئەوەی مەبەستمە بڵێم ئاڵۆزی لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکان ئەوەندەی تر ئاڵۆزی خستۆتە نێو هزری مرۆڤ بە لێکۆڵەوۆەوانیشەوە ، بۆ نمونە ئەگەر کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان لە سۆنگەی پتەوی رەگ داکوتاوی بە پیرۆزکردنەوە کۆمەڵگای زێدەتر سۆزداروکەمتر عەقلانی بن بێگومان تا سەر ئێسقان کەمتر ئامادەیی قەبوڵی رەخنەیان تێدایە ، نەخاسمە دەرفەتدان بە ئازادی بیرورا، چونکە هەمیشە لەوێدا عەقڵێك لەجیاتی هەمووان بە ویست بێ یان بێ ویست کار دەکات، لەوێدا عەقڵێك هەیە جا کتێبە یا کەسێك و میتۆدێکی بە پیرۆزکراوە گرنگ نییە ،گرنگ ئەوەیە شتێکەو دەستبەکارەو نایەوێ دەرفەت نادات کەسی تر بە پێچەوانەی ئەو بیر بکاتەوە ،ئینجا لێرەوە دەکرێ بڵێین هیچ مانایەك بۆ بەهـاوبنرخی مرۆڤ نامێنێ ، بەڵکو ئەوەی دەمێنێتەوە بە تەنها نیشاندانی کەڤالێکی پڕ لە تەنەمول و هیچی تر،لە راستیدا ئەم هەلسوکەوتە لە قالبدانی مرۆڤەو گەورەترین تاوانێکە ، کێشەش لەوەدایە کە رەگ وریشەیەکی کۆنی هەیەو دەکرێ بڵێین درێژخایەنترین کارەساتە کە تاوەکو ئێستا مرۆڤایەتی پێیەوە دەناڵێنێ و

بێماناترین دەسکەوتی مرۆڤایەتیشە کە بەرهامهاتووە ، بەڵام بۆ ئەوەی لانی کەم کەمێك لە قەیرانەکاندا دوور بکەوینەوە ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکە کار بۆ دانەوەی مافی بیرکردنەوە بکات ئەگەر لە دەسەڵاتە یان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە بدات ئەگەر کەسێکی نۆرماڵی نێو کۆمەڵە ، جا گرنگ نییە بۆ ئەم کارە چ شێوازێك یا ڕێچکەیەك بەکاردێت گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێچکەیە لە چوارچێوەی یاسا مرۆڤایەتییەکانەوە بێت و ئیرادەیەکی بەهێزوراستەقینە لە پاڵ ئەم پرۆسەیە بێت بە شێوەیەك بتوانرێت لە کورتترین ماوەوساتدا ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنرێت، مەرجیشە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی دەستی پێوە بگیرێت وەك ڕێڕەوێك ،ئەم پرۆسە وێنا کراوە بێگومان لە هەل‌ومەرجێکدا شیاوە کە دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیاکرابنەوە لەهەمانکاتدا سەرجەم دەسەڵاتەکانیش شێوەیەك لە ئامادەباشان تێدا بێت، چونکە ئێمە لەو سەروبەرەدا پێویستە چاوێك بە مێژوودا بگێڕینەوە کە چەندین جار هەلومەرجی ڕەخساو هاتۆتە بەردەممان بەڵام چەند بەربەستێکی چارەنوسساز بۆ هەمیشە وەك نەخۆشییەکی فیکریی‌ورۆشنبیریی بە میلیم ڕێگە نادات وەك دنیا هەیە بیر بکەینەوە کاتێ بۆ هەرشتێ فەزایەکی ئایینی دەکەینە نیشانە بۆ کۆمەڵگا یان بە واتایەکی تر بە بەردەوام لەهەر گۆڕانێکی کولتوریی‌و کۆمەڵایەتیدا تەنانەت سیاسیش قەستی روخسەت وەرگرتن دەکەین لە ئایین، ئەمە لە کاتێکدا وەڵامی ئایین بە هەر مانایەکەوە بێت هەمیشە پرۆتێستۆکردنی گۆڕانەکان بووە،لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی ئایین کۆمەڵێك یاسان تەواو دژ بە گۆڕانن،بەدیوێکی تر ئایین وەك بەرنامەیەکی تۆکمەی ژیان!! ئامادەیی روخسەت وەرگرتنی تێدا نییە لە هیچ بوارێکی تری فیکریی دیـأر ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاستەنگە ، رەنگە بە مانایەك لە ماناکان هەموو دەسکەوتێکی تازە رەتبکاتەوە سەرەرای ئەوەی خولانەوەیەکی بەردەواممان لێ دەخوازێ بەدەوری بازنەی موتلەقگەرایی ئەمەش لەو چرکە ساتەدا روونتر بەدەرکەوت، کە هەموو دەرگاکانی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی‌وسیاسی‌وفەرهەنگییەکان لەلایەن خودی ئایینەوە رەتکرانەوە بەکورتی ئاشکرا بوو کە کە ئیرادەی دەقە ئایینیەکان زاڵ بوو بەسەر ئیرادەی هەموو گۆڕانێك ، بۆیە گوتم هەندێ جار مەحالە بتوانین بدوێین کە بەردەوام کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لە تەنگژەیەکی فیکریی لەم شێوەیەدان...

ئەم بارودۆخە دەکرێ لەگەڵ دۆخی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردی دا بەراورد بکرێت کە خواستی ئەوە هەیە لە نێویدا بۆ بەردەوام دونیا لە چەند حەقیقەتێکدا کورتبکرێتەوە، بێئاگا لەوەی کە حەقیقەتەکان بەتەنها خۆیان دەبینن، یان دەکرێ پێمان وابێ لە پاڵ ئەم حەقیقەتانە دا کۆمەڵێك حەقیقەتی تر فەرامۆشکراون رەنگە هەندێکیان تا سەر ئێسقان بڤەبن تەنانەت بۆ باسکردنیش جورئەتی تایبەتی خۆیان پێویستە،ئەمانە هەموویان دەکرێ بخرێنە سەر لیستی بەقەیرانبوونی ستراکتۆری کۆمەڵگای ئێمە ، ئەگەرچی ئەم دۆخە لە نێو دونیایەکی چۆل لە ئیرادەدا گومانبارە،بەم شێوەیە بێ دڵنیاین کە بەدەوری‌هیچ کام لە ڕێگە چارەکاندا ناخولێینەوە و مێژوویێکیش تۆمارکراوە بێ‌ڕەچاوکردنی دروستی یا نادروستی دانی پیانراوە لە کاتێکدا رای زۆربەی فەیلەسوفان بەتایبەت (نیتشە) دەربارەی مێژوو ئەوە بوو کە هەمیشە هێزودەسەڵات لە پشتی رووداوو بڕیارەکانەوەن نەك حەقیقەت‌ومەعریفە، بەپێی ئەم بۆچونەش بێ دەبێ بڕوامان وابێ کە مێژوو بەرهەمی کاری عەقلانی نییە،بەڵکو گۆڕەپانی شەڕوململانێکانی ئیرادە جیاوازەکانی دەسەڵاتە، لێرەدا ئەگەر کۆمەڵگایەکی دەستکورتی وەك ئێمە بەڵام دوور لە مانا (هۆبز)ییەکەی! بیەوێ دەسەڵاتێك بونیات بنێت ئەگەر کاتیش بێت، هەڵبەتە دەسەڵاتێك مەبەستم تەنها لە شێوەی کەیانێکی جیهانی راگەیەنراو نا بەڵکو دەسەڵاتێکی لۆکالی سەربەخۆش هەمان ئەو نیازەی من دەگرێتەوە ، ئەم دەسەڵاتەش بێگومان حیزبێك یا چەند حیزبێك یاخود رێکخراوێك رێکی دەخات لەدەرەنجامی ململانێیەکی فیکریی‌وسیاسی بۆ گەیشتن بە کورسییەکانی دەسەلات، بەڵام ئەگەر لۆژیکی کارکردنە کلاسیکییەکانیان نەگۆڕنەوە بە لۆژیکێکی نوێی بەرەنگاربوونەوە ناکرێ لەوە دڵنیابین سەد دەر سەد ئامانجەکان لە پێکاندان، ئەمە لەلایەك لەلایەکی‌ترەوە ئەگەر پێمان وابێ هەمووئەرکەکە بە تەنها لەسەر شانی دەسەڵاتە دیسان گوناهێکی مەزنە لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتێك لە دونیا دا نییەو نەبووە

بەتەنها ویەکلایەنانەوبێ هەماهەنگی لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵ،رۆشنبیران ،دەزگا مەدەنییەکان، بتوانێ کلیلی دەرگاکانی خۆشگوزەرانی بەدەست بێنێت ، کەواتە ئەرکی هەموو لایەکە هەنگاوی پێویستوجیددیانە بۆ ئەم مەبەستە بنێت، دیارە کە خوڵقاندنی هەستی لەم شێوەیە لای تاك وەك بنچینەیەكوکارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵودانی بڕواومتمانە بە هەموو چینو توێژەکان مەرجی سەرەکیی و بنچینەیین، بۆیە لەساتەوەختی ئارامیدا سادەترین پەیوەندییەك لەنێوان ئەم لایەنانەی لە سەرەوە باسمانکردن،دەکرێ گەورەترین خزمەت بە پرۆسەکە بگەیەنن،دواجار دەسەڵاتوکۆمەڵوپەیوەندییەکان ئەو بوونەوەرەیان لێدەردەچێ کە رۆژگار دەیانخوازێ،ئەوەی راستی بێ لەناو کورد دا زۆرن ئەوانەی چ لە دوور یاخود لەنزیك لای خۆیان کەشکۆلێکی پڕ لەهەوڵیان داکردووە، زۆرینەی ئەم هەستانەش بەبێگومان هەڵقوڵاوی ناخێکی پاكو دلسۆزییە، بەڵام لێرەدا دەکرێ پۆلینیان بکەین بۆ دوو بەشی سەرەکیی ،بەشێکیان لەناوەوە لەگەڵ واقیعی کێشەکانداولەنزیکەوە شارەزاییان پەیدا کردووە هەروەها چوونەتە نێو کرۆکی مەسەلەکانوهەر لەنزیکەوە لەهەوڵی بەدەستهێنانی بوارێکی تایبەتن بۆ دەربڕینی بوێرانەی هەستونەستیان، واتە ئەوان شەڕی گەورەیان رەخساندنی بوارێکی ئازادە بۆ دەربڕین ئینجا خستنە روووبەرباسولێکۆڵینەوەی کێشەکان کە بۆ دواجار بە بڕوای من لەهەردوو لاوە خزمەت بە دۆزەکە دەگەیەنێ ، بەشەکەی تریان ئەو کەسانەن کە لە دوورەوە بە حیساب بە مەعریفەتێکی جیاوازتر لە هی ئێرە هاتوونەتە مەیدان !! لەهەمانکاتدا لەوێ ئەوەی گوتراوە زۆر بوێرانە بووە بەهەرحال کەموزۆر کارەکانیان جێگەی رێزەو جێپەنجەشیان دیارەوکاریگەری خۆیشیان هەبووە،بەگشتی هەوڵی هیچ لایەك ناکرێ نکۆڵی لێبکرێ بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پێویستە شێوەیەك لە هەماهەنگی نێوانیان هەبێ چونکە هەردوو لا خاوەنی کێشەکەن،هیچ کامیان ناتوانن بەهەوڵی فەردییوتاکەکەسییانە زۆرترین خزمەت بگەیەننن تاکە جیاوازییەکیش لەنێوانیان کە جێگەی باسکردنە بوونی فەزایەکی رەخساوی بێ سانسۆرە، ئەگەر ئەوان متوی ئەم فەزایەن ئەوانەی ئێرەش کەم یا زۆر لەنێو فەزایەکی تا رادەیەکی چاك بێ سانسۆرو رۆژ لە دوای رۆژ چاکتریش دەبێ کەوایە هەموومان لەکۆتاییدا رەنگە کۆکبین لەسەر ئەوەی کە ئاییندەیەکی گەش وروون چاوەڕوانمانە ،بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە کاتی ئەوە هاتووە هەر یەکەو لەلای خۆی رەچاوی بوونی ئاراستەیەکی گشتی بکات ،ئەگەر بڕیارە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بخەینە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تر..... لەم ساتەدا گرنگە بەوەدا بچینەوە کە ئاخۆ کام لە دووبەرەیەی لە سەرەوە باسمان کرد بۆ دواجار لایەنە نەتەوەییەکەی تاکی کورد بەهێز دەکات ؟ ئایا مەرجە بەتەنها رەخنەگرتنی دوورە دەستی بێرەچاوکردنی ئایندەیی هزریی نەتەوەیی نەوەی دوای خۆیان ببێ بە بنەمای تیۆری رۆژگار؟ بۆ ئەوەی خوێنەر سەری لێ نەشێوێ شیاوترین نموونەی نوێنەرانی گروپی دووەم دەخەمە روو کە ئەمڕۆکە لەناو دنیای فیکرییوکلتوریی کوردیدا باسی لێوە دەکرێت ، ئەویش گروپی رەهەندە ، ئاشکرایە کە کارەکانی ئەم گروپە لەساتەوەختێکی ناشرینی واقیعی ئەم وڵاتەدا هاتە وجود، ساتەوەختێك هەموانمان تامەزرۆی بیستنی تەنها وشەیەك بووین بۆنی ئازادیوئارامی لێبێ، لە راستیدا ساتەوەختێك بوو مرۆڤی کورد گومانی لە بوونی خۆی دەکرد لەوساشەوە مەبەستم دەساڵی رابردووە ئەوان وەك زەرووەرەتێکی واقیعییانە هاتنە نێو مەیدانی ململانێی هزرییودۆزینەوەی ئاراستە راستەقینەکەی، ئێمە بمانەوێت یا نــا ،رەهەند پێکهاتووی چەند دەنگێکی ناسراوی هزریی کوردن،هەریەکەولەلای خۆیەوە بەقەد خۆی خاوەن خوێندنەوەیەکی تایبەتە بۆ واقیعیی فیکرییوسیاسییەکەی کۆمەڵی کوردیی، بەڵام ئەمە ناکاتە مانای ئەوەی شایانی ئەوە نەبن رەخنەیان لێبگرن،بە بۆچونی من ئەو میتۆدەی ئەوان ئەگەر لەچەند سوچێکەوە خزمەت بێ بە رەوتی هزریی لەسوچێکیشدا نێگەتیڤانەترین حالەتی لێدەکەوێتەوە وەك ئەوەی کە لەدوای خۆیاندا نەوەیەکی خاوەن وەلا بۆ بۆچونەکانی ئەوان بەرهەمهاتووە کە هەموو راستییەك بۆ خوێندنەوەی فاکتی سیاسیی کورد لە دیدی ئەوانەوە دەبینن، جگە لە پاشگەزبوونەوەو پەشیمان بوونەوەی هەندێ لە برادەرانی خۆیان تا ئەو ئاستەی دژایەتیکردنەکەیان بگاتە نوسینی

کتێبی دژە بۆچونی یەکتر، لە راستیدا لێرەدا ئەوەندەی مەبەستمە قسە لەسەر نەوەی کاریگەر بە بۆچونی رەهەندیزم بکەم ئەوەندە مەبەستم نییە لە سەر برادەرانی رەهەند قسە بکەم ، رەنگە بلێن بۆچی ؟ئەمڕۆکە ئاشکرایە قەڵەمی کورد دابەشبووەتە سەر چەند ئاراستەیەك هەریەکێ لەم ئاراستانە بگری زمانی نەتەوەپەرستی خۆی بەلاوە درێژترە لە هی ئاراستەکانی تر، لەمەشدا جۆرێك لە هەڵخەڵەتاندنی تاکی کورد بەدی دەکرێت،من پێموایە ئەگەر ئەم حالەتە وتوێژیی لەسەر نەکرێت و بەرنامەیەکی بۆ دانەرێژرێت ئەوا داهاتویێکی تاڵ چاوەڕوانی بزاوتی فیکریی کوردیی دەکات، لەراستیدا بۆ لێکدانەوەی واقیعیی ئێستامان پێویستیمان بە هەماهەنگی هزریی وکولتوریی هەیە، چونکە بە ئەزموون سەلمێنراوە کە هیچ هەولێکی فەردی وتاکڕەوانە ناتوانێت ونەیتوانیوە رێبەرایەتی ئاراستەی گشتیی بکات،بە شێوەیەك کە لەدوای خۆیدا کاریگەریی پۆزەتیڤانە جێ بهێڵێ، نەوەی پەروەردەی ئەوان نەوەیەکە قەت بۆی ناکرێ وەکو خۆی شتەکان ببینێ ، ئەوان هەمیشە فێری ئەوەبوون رەخنە بگرن بەلاٌم چارەسەریان پێ نەبێ ، ئەوان دێن رەخنە دەگرن وقسەی خۆیان دەکەن بێ رەچاوکردنی واقیعیی سیاسی ئیقلیمیی، بێگومان ئەم جولاٌنەوەیەی ئەوان قۆستنەوەی هەلی ناسەقامگیریی ئەمنی و تەمەندرێژیی دووبەرەکییە لە نێو ریزەکانی هێزە سیاسییەکانیان کردۆتە ئامرازی گوتارە بانگەشەکراوەکەی خۆیان،نەوەی بەرهەمهاتوو قسەی خۆی دەکات کە بۆ ساتەوەختی خۆی قسەی رازاوەو لێوەشاوەن بەلاٌم ئەودیوی قسەکانیان نابینن ودەیانەوێ بەردەوام کەش وهەوای رووناکبیریی کوردی بکەن بە دوو ئاراستەی سەرەکیی ، ئاراستەی حیزب و ئەو ئاراستەیەی کە پێیان وایە خۆیان سەرپەرشتی دەکەن ، کەمن پێم وایە چەندین ئاراستەی تر هەن بەقەد خۆیان جێپەنجەیان دیارە ، لەگەڵ ئەوەی نامەوێ باسەکەم درێژتر بکەمەوە، هەڵبەتە مەبەستیشم ئەوە نییە قسەیان نەبێ ئەوەندەی دەمەوێ لەگەڵ قسەدا چارەسەر هەبێ،دیارە کە کێشەکانی کۆمەڵگای کوردیی کێشەی بنەڕەتین لە واقیعدا پێویستیان بە گۆڕانی رادیکالی هەیە ، بۆیە من هیچ رێچکەیەکی کامڵ نابینم وەکو پێویست لە هەولی چارەسەریی گرفت وگیروگازەکانی کۆمەڵگای کوردیی بن،لەگەڵ ئەوەی کەش وهەوای رەخساوی ئێستا جیاوازە لەگەڵ دە ساڵی رابردوو، دەکرێ قۆناخی ئێستاکە تەوژمێکی کولتوریی هزریی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە ئاراوەوزۆرێك لە بۆچونە باوەکان لەدوای خۆیدا جێبهێڵێ،دەشێ لێرەوە سەرەداوی ئەم بزاڤە دەرکەوێت، ئەوەی راستی بێت سەرهەڵدانی رێچکەیەکی نوێی جیاواز لە چەند ساڵی رابردوو جێگەی سەرسوڕمان نییە، دەکرێ بلێبێم سەرهەلدانی ئاراستەی نوێتر راستەوخۆ پەیوەستە بەو گۆڕانە خێرایانەی ئەمڕۆکەی دونیـأ......

jamalpira@hotmail.com